KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT

THE PRIME MINISTER

حکومەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆك وەزیران

No:

Date: ٢٠١٤/١٢/١٥

ژمارە : ٨٢٠١

ڕێکەوت : ٢٤/ سەرماوەز/ ٢٧١٤ ی کوردی

# بڕیار

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی زمانی نەتەوەیەک لە جیهانی تەکنەلۆجیای زانیاریدا، ئەوەیە کە پیت و هێماکانی ئەو زمانە لە خشتەی ستانداردی زمانەکاندا کۆدی تایبەتی بۆ دابین کرابێت. گرنگترین خشتەی ستاندارد بۆ کۆدەکان و شێوازی پیت و هێماکان لە جیهاندا خشتەی ستانداردی یونیکۆدە (Unicode).

ڕێککەوتن لەسەر ئەو کۆدانەی کە پیتەکانی زمانی کوردی پێناسە دەکەن چیتر بابەتێک نییە بتوانین چاوپۆشی لێ بکەین یان دوای بخەین. پێناسەکردنی پیت و هێماکانمان ئەرکێکە کە دەبێت خۆمان لە ئەستۆی بگرین و خۆشمان بەکاری بێنین و لە پێناوی پاراستنی زمانی کوردی و پەرەپێدان و گونجاندنی لەگەڵ تەکنەلۆجیای سەردەم بەتایبەتی تەکنەلۆجیای زانیاریدا، بیچەسپێنین.

بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە، کۆمەڵێک گرووپ و شارەزای بواری تەکنەلۆجیای زانیاری لە دەرەوە و ناوخۆی کوردستان خۆبەخشانە هەوڵێکی بەرچاویان داوە.

لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/١١/١٣ بە هاودەنگی لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی، فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری و نوێنەرانی گرووپەکانی ئەکتیڤی ئایتی، ئەم بابەتە لە هۆڵی ئەکادیمیای کوردیدا بەتەواوی یەکلایی کرایەوە.

دوای کۆبونەوەیێکی چڕوپڕ، هەموو لایەک لەسەر ستانداردێک بۆ پیت و هێماکانی زمانی کوردی ڕێککەوتن کە بەرهەمەکەی لە ڕێگای ئەم گشتاندنەوە دەخرێتە بواری جێبەجێکردن و چەسپاندنەوە.

**خاڵەکانی ئەم گشتاندنە:**

1. **ستانداردی یونیکۆدی پیتی کوردی**

   پیتە کوردییەکان و کۆدی بەرامبەریان لە خشتەی یونیکۆددا دەستنیشان کراون و بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نادرێت کۆدی تایبەت بەم پیتانە دەستکاری بکرێت. بۆ زانیاریی زیاتر سەیری هاوپێچی ژمارە ١ بکە (پرۆژەی تەختەکلیلی یەکگرتوو، زمانی کوردی، کۆدەکان، نەخشەی پیتەکان و شێوازەکان).

**2. فۆنت**

A. هەموو دامودەزگاکانی سەر بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ نووسین تەنها دەبێ کەڵک لەو فۆنتانە وەربگرن کە لەسەر بنەمای "ستانداردی یونیکۆد" چێ کراون و لە هەموو سیستەمە کۆمپیوتەرییەکاندا بە شێوەی خۆکار بوونیان هەیە وەکوو: Arial, Tahoma, Times New Roman یان ئەو فۆنتانەی کە فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا جیهانیەکانی وەکو گوگڵ ئامۆژگاری بەکارهێنانیان دەکات و ڕۆڵی هەبووە لە چەسپاندنیان وەکو فۆنتی Noto Kufi و Noto Naskh کە لە ژێر مۆڵەتی ئەپەچی دان (Apache License 2.0) و لە ماڵپەری گوگڵ بۆ دابەزاندن ئامادەکراون (http://www.google.com/get/noto). سەیری هاوپێچی ژمارە 2 بکە.

B. بەکارهێنانی هەر فۆنتێکی تر کە لەسەر بنەمای یونیکۆد نەبێت وەکوو عەلی فۆنت، دیلان، زانست و هتد کە ماوەیێکی درێژ خزمەتی زمانی کوردییان کردوە بە تایبەتی لە بواری چاپدا لەمەودوا ڕێپێنەدراون و نابێت بەکاربێن.

**3. تەختەکلیل (Keyboard):**

A. حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی پشتیوانیی ئەو تەختەکلیلانە دەکات کە لەسەر بنەمای QWERTY داڕێژراون. بۆ ماوێکی کاتی و بۆ ئەو کەسانەی کە لە تەختەکلیلی عەرەبی ڕاهاتوون بێجگە لە تەختەکلیلی تایبەتی کوردی، تەختەکلیلێکش لە سەر شێوازی عەرەبی ئامادە دەکرێت.

B. دابەزاندنی تەختەکلیلەکان و زانیاری زیاتر سەبارەت بە زمانی کوردی و یونیکۆد لە ڕێگای ئەم وێبگەیە دەبێت: http://unicode.ekrg.org

C. هەر نەخشەیەکی تر بەکار بهێنرێت پێویستە پیتەکانی لە خشتەی ئاماژەپێکراوی یونیکۆدی کوردیدا هەبن و شێوازیان دروست بێت.

بەمەبەستی پاپەندبوون و جی بەجێکردنی.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT

THE PRIME MINISTER

حکومەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆك وەزیران

---

وێنەیەک بۆ:

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/دیوان/ لەگەڵ هاوپێچ بۆ هەمان مەبەست/ لەگەڵ ڕێزدا...
- پەرلەمانی کوردستان/ لەگەڵ هاوپێچ بۆ هەمان مەبەست/ لەگەڵ ڕێزدا...
- نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی حکومەت/ لەگەڵ هاوپێچ بۆ هەمان مەبەست/ لەگەڵ ڕێزدا...
- نوسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت/ لەگەڵ هاوپێچ بۆ هەمان مەبەست/ لەگەڵ ڕێزدا...
- ئەنجومەنی دادوەری/ لەگەڵ هاوپێچ بۆ هەمان مەبەست/ لەگەڵ ڕێزدا...
- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان/ لەگەڵ هاوپێچ بۆ هەمان مەبەست/ لەگەڵ ڕێزدا...
- گشت وەزارەت و دەستە و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەتەکان/ لەگەڵ هاوپێچ بۆ هەمان مەبەست/ لەگەڵ ڕێزدا...
- پارێزگاکانی هەرێم(هەولێر، سلێمانی، دهۆک) لەگەڵ هاوپێچ بۆ هەمان مەبەست/ لەگەڵ ڕێزدا...
- ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین/ لەگەڵ هاوپێچ بۆ هەمان مەبەست/ لەگەڵ ڕێزدا...
- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغداد/ لەگەڵ هاوپێچ بۆ هەمان مەبەست/ لەگەڵ ڕێزدا...
- گشت فەرمانگە و دام و دەزگاکانی سەر بەم سەرۆکایەتییە/ لەگەڵ هاوپێچ بۆ هەمان مەبەست/ لەگەڵ ڕێزدا...
- فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری
- دۆسیەی گشتی
- خولاو